# ڕێکەوتنی ستراتیژی ئاکامی چ هەلومەرجێکە...؟!
# (دەربارەی ئیمزا کردنی ڕێکەوتنی ستراتیژی نیوان پارتی و یەکیتی)

*موزەفەر عەبدوڵلا*

ڕێکەوتنی ستراتیژی و تاکتیکی و بەستنی هاوپەیمانی و تەنانەت یەکگرتن و بە هەمان رادەش لیک هەلوەشانەوەش دیاترین تایبەتمەندی یە سیاسی یەکانی دەورانی ئەمڕۆی ئیمەیە.تەنها ئەگەر سەرنجی نەخشەی سیاسی عیراق و کوردستان لە ماوەی چوار ساڵی دوای روخانی رژیمی بەعس بدەین ئەوە دەیان و بگرە سەدان ڕێکەوتن و هاوپەیمانی و یەکگرتن و هەڵوەشانەوەی خیرای سەرسورهینەرمان دەبینین .

ئەوە زیاتر لە مانگێکیشە کە هەردوو سەرکردایەتی حزبی دسەڵاتدار لە کوردستان، پارتی و یەکیتی،لە ماراسۆندا بوون لە نیوان شارۆچکەی دۆکان و سەلاحەدین تا لە کۆتایی دا بە ئامادەبوونی تالەبانی و بارزانی لە 28 ئەم مانگە ڕێکەوتنی ستراتیژیان ئیمزا کردوو لە پریس کۆنفرانسێکدا رایان گەیاندو پاشان بەلاغێکی هاوبەشیشیان بڵاو کردووە.تا ئەو جیگەیەی دەگەڕیتەوە بە ناوەڕۆک و بەندەکانی ئەو ڕێکەتنەوە هیچیان رانەگەیاندووە تەنها ئەوە نەبیت کە لە قسەکانی تالەبانی و بارزانیدا ئاماژە بە چەند مەبەستیک کراوە. وە لە بەلاغە هاوبەشەکەشیان مەبەست لەو ڕێککەوتنە بەم شیوەیەی خوارەوە ئاماژەی پیدراوە کە: کەرێککەوتن و هاوخەباتیی بەردەوام هەبێ بۆ چەسپاندنی یاسا و پشتیوانی لە دامودەزگا حکوومیەکان و پاراستنی ئاسایشی هەرێم و هاندانی هزری نەتەوایەتی و پاراستنی مافی مرۆڤ و مسۆگەرکردنی مافە نەتەوەیی و ئایین و ئاینزاکانی کوردستان و دابینکردنی ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و چاکسازی لە بوارە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵگادا؛ لەو روانگەیەوە رێککەوتنامەیەکی مێژوویی لە نێوان هەردوولا ئیمزا کرا....

پیش هەر سەرنج و رەخنەو تەعلیقیک پیویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەمە نە یەکەم جارەو نە دوا جاریشە کە ئەمانە ڕێکەوتنی ئاشکراو نهینی لە نیوان خۆیان و دۆست و نەیارەکانیان ئیمزا دەکەن. بەلام ئەوەی کە هەر ریکەوتنێک لەگەڵ ئەوەی پیشوی جیا دەکاتەوە ئەو هەلومەرجە سیاسی یە تازەیە کە وا دیتە پیش هەردوو حزبی دەسەڵاتدار. پیویستە ئەوەش بلێین کە ئەم دوو حزبە نەک هەر لە نیوان خۆیان بەلکو لەگەڵ دوژمنە سەرسەختەکانی خەلکی کوردستانیش چەندین جار ڕێکەوتنیان ئیمزا کردووە کە ئاکامەکەی ئاوارەیی و کوشت و بری خەلکی کوردستان بووە، بەڵام ئەوان هەر وتویانە کە ڕێکەوتنەکانیان بە قازانجی خەلکی کوردستانە! . میژووی چەند دەیەی هەردو لایان پرن لە ڕێککەوتن لەگەڵ بەعس و رژیمە کۆنەپەرست و فاشی یەکانی ناوچەکە کە ئاکامەکەی هەمووی کارەسات بوە بۆ خەلکی کوردستان و تەنانەت لە دژی زۆریک لەو فەرخە حزبانەش کە لە پەراویزی دەسەلاتەکەیان

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

خەریکی خۆ ژیاندنن.         لە واقعدا ئەم رێکەوتنەی ئەمرۆش  دەکریت و پیویستە لەسەر دوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەوەدا شیکار بکریت و ئەنجامگیری سیاسی و عەمەلی لی دەربهینریت.

لەسەر ئاستی محەلی: ئەم رێکەوتنە وەک لە هەندیک قسەکانیان  هاتوەو کە بە روالەت بە پۆزەتیف  دیتە بەرچاو، گوایە بۆ چەسپاندنی یاساو پشتیوانی دام و دەزگا حکومی یەکان و....هتد.لە راستیدا سەرانی ئەم دوو حزبەو دام و دەزگا جاسوسی و سەرکوتگەرە میلیشاییی یەکانیان خۆشیان باش دەزانن کە جیگەو ریگەی ئەوەی ناویان ناوە حکومەت و دام و دەزگا مەدەنی یەکانیان لە ئاست رای خەلکی نارازی کوردستان چی یەو چۆنەڵ هەر بۆیە تا ئەو جیگەیەی دەگەریتەوە بەو بریارەوە یانی پاراستنی هەموو ئەوانە یانی پاراستینان لە بەرانبەر رقو بیزاری خەلکی ستەم دیدەو هەژارو بی دەرامەتی کوردستان.ئەوان باش دەزانن کە ئیتر خەلکی کوردستان رۆژ بە رۆژ رق و بیزاری و نارەزایەتی یەکانیان شەپۆڵ دەداو بە تاقی کردنەوەش ئەوەی ئەوانە ناویان ناوە دام و دەزگا لە ماوەی دوای رووخانی بەعسەوە تا ئیستا چەندین جار کەوتۆتە بەر نارەزایەتی خەلکی و تەنانەت خۆینی تیا رژاوە.ئەمانە باش دەزانن تەنانەت فەرخە حزبە هاوکارەکانیان لە ناو حکومەت و پەرلەمانەکەیان لە ترسی بیزاری خەلک ئەوانیش کەوتۆنەتە مقۆمقۆ و گلەیی و کازەندە لەم دوو حزبە زەبەلاحە دەکەن .وە هەر لەم چوار چیویەشدا دەبینین هەم سەرانی ئەم دوو حزبە کە خەریکی ئەم رێککەوتنەن بە دوور لە چاوی فەرخە حزبە هاوکارەکانیان ،هەم ئەو فەرخە حزبە قەومیانەش کەوتونەتە مقۆ مقۆ و گلەیی و گازەندە لە ترسی ئاکامی ئەو ریککەوتنەو بە پەراویز خستنیان .سەرنجێکی ئەو هەوڵانەی کە بڵاو دەبنەو لەسەر ئەو قسانەی کە فەرخەکانیان لەسەر ئەم رێکەتنە کردویانە ئەوە دەردەخات کە ئیتر ئەوانە محلیان نامینیت لە ئیعرابی نیوان رێکەوتنەکانی ئەو دوو حزبە زەبەلاحە.بەڵام وەک ئاماژەمان پی دا، ئەوە مەسەلەی نارەزایەتی قولی خەڵکی کوردستانە و ئاسۆ و شیوەیەکی  ریکخراوەیی یە وەک جولانەوەیەک کە رووبەرویی دەسەڵاتی ئەم دوو حزبە دەبیتەوە لە ئایندەدا و بۆیە ئەمانیش هەر لە ئیستاوە خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن و ریکەوتنی بەم جۆرە مۆر دەکەن پاراستنی ئاسایشی هەریم و دام و دەزگاکانی و سەپاندنی یاسا بەر لە هەر کەسێک یانی پاراستنیان لە بەردەم نارەزایەتی خەلکی کوردستان.لیرەدا رەنگە رەوتە ئیسلامی یەکان لە کوردستان هەول بدەن ئەم نارەزایەتیانە قۆرغ بکەن بۆ مەبەستی کۆنەپەرستانەی خۆیان  تا هیو هاوسەنگی یەک  پەیدا بکەن لە بەرانبەر هەردوو حزب چ لە ئاستی کورددستان و چ لە ئاستی عیر اق. لەم بارەیەوە هەنگاوەکانی یەکگرتوی ئیسلامی بە تایبەتی بەرەو ئەم ئامانجە سیاسی یە دەروات .وە تەنانەت ئەوانیش لەم بارەیەوە لە هەولی رێککەوتنی ئاشکراو نیهینین  هەم لە نیوان خۆیان و هەم لەگەڵ کۆنەپەستترین لایەنی سیاسی لە ئاستی عیراق و ناوچەکە.بەشداری یەکگرتو لە کۆبونەوەی قاهیرە هەنگاویکی دیاری ئەوان بوو لەم ریگایەدا بەلام بەهۆی فشارو نارەزایەتی جۆراوجۆرەوە ناچارن بوون دەستتبەرداری ئەو کۆبونەوەیە بوون. دیارە ئەوانیش بە

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

پلەی یەکەم لە دژی خەلکی ئازادیخوازی کوردستانن نەک بۆ بەرگری لیی.

دیارە ئەوە رۆشنە کە لە دوای رووخانی بەعسەوە خەلکی کوردستان رۆژ بەرۆژ زیاتر بە دوا ئەلتەرناتیفی سیاسیەوەن بۆ کۆتایی هینان بەو بارودۆخە نالەبار و سەختەی کە بە هۆی سیاسەتەکانی ئەو دوو حزبەوە فەررز کراوە بەسەریاندا . بەلام بە داخەوە تا ئیستا ئەم ئەلتەرناتیفە کارایە لەبەر دەستی ئەم خەلکە نی یە،بۆیە بەکورتی ناوەرۆکی ئەم ریکەوتنە ستراتیژی یە بە شیوەی سەرەکی رووی لەدەورەیەکی نوی لە سەرکوتی هاوبەشی نارەزایەتی یەکانی خەلکەو زیاتر لە قالب دانی مەودای ئازادی یە سیاسی یە دیموکراتی یەکانە لە چوار چیوەی قانونی میلیشیاییاندا.

لە ئاستی دەرەوەشدا ئەم ریککەوتنە ئاکامی راستەخۆی ئەو ئەزمەی سیاسی قولی دەولەتی و حکومەتی یەیە لە عیراقدا کە ئەمەش خۆی لەخۆی دا ئاکامی فەشەلی ستراتیژی سیاسی و سەربازی ئەمریکایە لە عیراق . شەرو داگیرکاری عیراق ئەمریکای خستۆتە تونیکلیکی تاریکی بی کۆتایی لە عیراق دا عیراق بۆتە بوئرەی تەقینەوەی کیشەو ململانیکانی ناوچەکەو جهانیش .تەنانەت داگیرکاری وای کردوە دەخالەتی دەولەتە کۆنەپەرست و فاشیەیکانی ناوچەکە هەر لە ئیرانەوە تا تورکیا وسوریا و سعودەیەش بە مافی خۆیان بزانن رۆلیان هەبیت لە رەنگریژکردنی ئایندەی عیراق.جا ئەمە بەر لەوەی راو لیکدانەوەی نەیارە راست و چەپەکانی ئەمریکا بیت ، ئەمە رای بەشیکی زۆر لە دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکا خۆشیتی لە دیموکرات و جمهوری یەکان کە ماوە نا ماوەیەک دانی پیادا دەنین .فشار هینانی دیموکراتەکان و تەنانەت بەشیک لە جمهوری یەکانیش بۆ جۆرج بۆش و ئیدارەکەی و فشاری بۆشش بۆ مالکی و حکومەتەکەی و بۆ تالەبانی و دەستەی سەرۆکایەتی یەکەی و تەنانەت بۆ بارزانی و دەستەی سەرۆکایەتی یە هەریمەکەی هەموو کارکردو ئاکامی ئەو فەشەلە سترتیژ یە سیاسی و سەربازی یەیە کە ئەمریکا لە عیراق دا تی ی کەتووە.ئەمریکا پی وابوو کە بە داگیکردنی عیراق و رووخانی رژیمی فاشی بەعس ئیتر ریگە باشتر خۆش دەبیت بۆ بەدی هینانی ستراتیژی کەیەی لە جەنگی دژی تیرۆرو چارەسەری کیشە گەورەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست و پیک هینانی سیستەمی سیاسی و ئابوری رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورەو دەیان خەیالاتی تر ،لەوانە کە گوایە ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمەکەی بەشەر و داگیرکاری لاواز دەبیت و کۆتاییان دیت .بەلام ریک بە پیچەوانەوە واقع نیشانی دا کە ئەم ستراتیژە سیاسی و سەربازی یەی ئەمریکا تەنها نەخشەی سەر کاغەز بوون وبەس .

بۆیە پیویستە ئەم ریکەوتنەش لە ئاستی دەرەوە لەم چوار چیوەیەدا بدریتە بەر لیکۆلینەوەو ئەنجامگیری سیاسی و عەمەلی لی دەربهینریت.
هینانە بەر چاوی نەخشەی سیاسی عیراق و هەمو ئەو ئالوگۆرە سەرسورهینەرەی کە رۆژانە روو دەدەن لە ئیمزا کردنی ریککەوتن و هەلوەشانەوەی ریککەوتن لە ئاستی عیراق و ناوچەکە تەواو نا جیگیری سیاسی

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

عير اق و ناوچەكە نيشان دەدات .بی گومان ئەم ريككەوتنەی هەردوو حزبيش بەشيكە لەو ريكەوتنانەو هيچ پەيوەندی بە بەرژەوەندی خەڵكی كوردستانەوە نی يەو تەنهاو تەنها لە ئاستی ناوەوە بۆ سەركوتی زياتری خەلكەو لە ئاستی دەرەوەش هەم ئاكامی فشاری ئەمريكا و هەم خۆ گونجاندنە لەگەڵ! هيز هاوسەنگی و سياسەتەكانی ئەمريكا .

كۆتايی جولای 2007

mozafar_as@yahoo.com

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image